الحمد لله ؛ كه پيلانەكەى گەياندووە بە وەسوەسە كردن

له ئيبن عەباسەوە -ڕەزاى خوايان لێبێت- دەڵێت: پياوێک هات بۆ لاى پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ووتى: ئەى پێغەمبەرى خودا، يەکێکمان هەندێک شت دێت بە خەيالّيدا -دێـت بە بير وخەيالّيدا- ئەگەر ببێتە خەڵوز لەوە خۆشەويستترە لە لاى كە باسى بكات، فەرمووى: «الله أكبر، الله أكبر، الحمد لله ؛ كه پيلانەكەى گەياندووە بە وەسوەسە كردن».

[سەحيح - ڕاست)] [(أبو داود والنسائي -له الكبرى-) ڕيوايەتيان كردووە]

پياوێک هات بۆ لاى پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ووتى: ئەى پێغەمبەرى خودا، كەسى وامان تێدايە هەندێک شت دێت بەخەيالّيا بەڵام قسەكردن سەبارەتى زۆر گەورە وترسناكە، بە پلەيەک ئەگەر ببێت بە خەڵوز خۆشەويستترە لەلاى لەوەى باسى بكات، پێغەمبەرى خودا -صلى الله عليه وسلم- ووتى -الله أكبر- دووجار وحەمد وستايشى خواى كرد لەسەر ئەوەى پيلانى شەيتانى كەمكردووەتەوە تەنها بۆ وەسوەسە كردن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65012